# دوای بێدەنگبوونی تفەنگەکان

ڕۆزا حسێن
(نەرویج)

لە چاخانەکاندا بۆنی هێل و داهێزراویی تێکەڵ دەبن.
جەنگاوەرە ماندووەکان
بەتوندی پوولی دۆمینەکە دەکێشن بە مێزەکەدا
وەک ئەوەی هەر ئێستا
لە شەڕێکی درێژخایەن گەڕابنەوە
شپرزەی گەیشتنە ماڵەوە بن.
❊❊❊
مێروولەکان بە ڕێچکە دەگوێزنەوە بۆ شارێکی تر
باڵندەکان بەبێ نیازی گەڕانەوە کۆچ دەکەن
پاسارییەکان بە ترسێکی زیاترەوە
دەکەونە گەڕان بەدوای پووشدا
بۆ چاککردنەوەی هێلانە لەرزیوەکەیان
❊❊❊
دایکم ڕۆژانی هەینی
دوودڵە بڕوات بۆ سەر گۆڕ
پێی وایە دوای فراوانبوونی گۆڕستانەکە
ئیتر سەخت بووە
گۆڕەکەی باوکی بدۆزێتەوە.
❊❊❊
درەختەکان ڕووت و قووتن
مینا ڕووتیی حەوا
لە ڕۆژی نەفیکردنی بۆ سەر زەوی
پارکەکانی شار
دەبنە چادرگەی سپی
بۆ ئاوارە سیابەختەکان.
❊❊❊
منداڵەکان لە ڕۆژی پاککردنەوەی قوتابخانەدا
لەجێی تۆز و خۆڵ
خەریکی خڕکردنەوەی
ئەو قەوانە بەتاڵانەن
کە ڕەنگە یەکێکیان قەوانی هەمان گوللە بێت
کاتی جەنگ لە جەستەی هاوپۆلێکیاندا جێ ما
❊❊❊
کچ و کورە لاوەکان
کاتێ سروودی ئەی وەتەن دەچڕن
چاوەکانیان نادرەوشێنەوە
چیتر لەگەڵ ڕیتمی گۆرانییەکاندا
خۆڕسکانە بازنەی سەما و ڕەشبەڵەک نابەستن
❊❊❊
دوای جەنگ نیشتمان ناناسرێتەوە

